# فەتواكانی لێژنەی باڵای فەتوای كوردستان

# حوكمی پابەند بوون بەیاسا و ڕێنماییەكانی هاتووچۆ لە فیقهی ئیسلامی

یەکێتی
زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
لێژنەی بالای فەتوا

بسم الله الرحمن الرحيم

إتحاد
علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
اللجنة العليا للإفتاء

بابەت : حوكمی پابەند بوون بەیاسا و ڕێنماییەكانی هاتووچۆ لە فیقهی ئیسلامی .

ژمارەی فەتوا : ٢٠١٧/٣

بەروار : ١٤٣٨/٤/٢٧ ك _ ٢٠١٧/١/٢٥ ز- ٥ ی ڕێبەندانی ٢٧١٧ كوردی.

بابەت كردن : بابەتەكانی سەردەم

جۆری فەتوا : لێكۆڵینەوە

فەتوادەر : لێژنەی باڵای فەتوا لە هەرێمی كوردستان

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
لێژنەی باڵای فەتوا
اللجنة العليا للإفتاء
اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان

(( حوكمی پابەندبوون بە یاسا و ڕێنماییەكانی هاتووچۆ لە فیقهی ئیسلامی ))

خوای گەورە دەفەرموێ ﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ .... فَسْـَٔلُوٓا۟ أَهْلَ ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾ النحل : ٤٣

سوپاس و ستایش بۆ خودای جیهانیان ، درود وسڵاو لە بەڕێزترین پێغەمبەر و لەسەر خانەوادەی و یارانی و پەیڕەوانی ئەو بەچاكە تا ڕۆژی قیامەت .

لە بەر ئەوەی ئەم بابەتە زۆر لە هاولاتیان گرنگی پێنادەن، لە پابەند بوون بە یاسا و ڕێنماییەكانی هاتووچۆ، بەڵكو ئەوانەی پێشیەوە پابەندن ئەم گرنگیەكی تەواوی پێ نادەن، بە بیانۆی ئەوەی كە ئەم یاسایانە لە یاسا دەستكردەكانن، یان لەم جۆرە فەرمانانە یە كە خوای گەورە داینەبەزاندووە، یان دەقی ئاینی لە سەر نییە لە قورئان و سونەتدا، هەروەها چەندین بەهانەی تری بێ هێز كە كردویانە تە بەڵگە، بۆیە دەبینین كەوا ڕووداوەكانی هاتووچۆ بویتە دیاردەیەكی بەر بڵاو، بەم هۆیەش ڕۆژانە زۆر لە هاولاتیان گیان لە دەست ئەدەن، وێڕای دروست بوونی زەرەر و زیانێكی زۆر لە مولك و سامانی گشتی و تایبەتی، لە بەر ئەم هۆیانەی سەرەوە لێژنەی فەتوای باڵا لە هەرێمی كوردستان لە دانشتنی ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٧ /١/٢٥ دوایی گفتوگۆیەكی تێر و تەسەل لە سەر ئەم بابەتە، و بە سوود وەرگرتن لە دەقەكانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خوا و ڕای زانایانی فیقهی ئیسلامی و بنەماكانی شەریعەتی ئیسلام ئەم فەتواییەی خوارەوەی تایبەت بە ( حوكمی پابەندبوون بە یاسا و ڕێنماییەكانی هاتووچۆ ) دەركرد.

یەكەم : پابەندبوون بەیاساكانی بەڕێوەبردنی ولات – لە وانەش یاسا و ڕێنماییەكانی هاتووچۆ – كە لایەنە پەیوەندارەكان دەری دەكەن، لە وانەی كەوا پێچەوانە نین لەگەڵ دەقەكانی قورئان و سوننەتدا، ئەمە لە لایەنی شەرعیەوە واجبە و پێویستە سەرجەم هاولاتیان پێیانەوە پابەند بن، ئەم پابەندبونەش دەچێتە چوارچێوەی ملكەچی بۆ فەرمان ڕەوا( إطاعة ولي الأمر)، كە بەڵگەكان هەموویان پشتگیری ئەم ملكەچیە دەكەن بە مەرجێ فەرمانەكە گوناه و تاوان نەبێت، لە وانە بەڵگەی :

١-ئایەتی﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ ﴾[1]، واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە، گوێ ڕایەڵی خودا و پێغەمبەر بن ، پاشانیش گوێڕایەڵی فەرمارِەواکانتان بن، زانا ئیبن والعربی دەڵێت: ڕاستەقینەی گوێڕایەلی: ملکەچی فەرمانە،بە هەمان شێوە ملکەچ نەبونی گوناحە، کە مل کەچ نەبوونی فەرمانە، دیسان دەفەرموێ: ئەوەی ڕاست بێت لای من: فەرمانڕەواکان بەمانای : فەرماندەکان و زاناکان[2].

٢-فەرموودەی ( من أطاعني فقد أطاع الله، ومن عصاني فقد عصى الله،ومن يطع الأمر فقد أطاعني، ومن يعص الأمير فقد عصاني، وإنَّما الإمام جنة يقاتل من ورائه ويتقى به، فإن أمر بتقوى الله وعدل فإنَّ له بذلك أجراً، وإنْ قال بغيره فإنَّ عليه منه)،واتە : هەرکەسێ گوێڕایەلی من بێت ئەو گوێڕایەلی خوای گەورەی کردووە، وە هەرکەسێ یاخی و لاساری فەرمانەکانی منی کرد، ئەوە لاساری فەرمانەکانی خوای گەورەی کردووە، وە هەر کەسێ گوێڕایەلی فەرماندەی خۆی بکات، ئەوا گوێڕایەلی منی کردووە، فەرمانڕەوا پارێزەر و پشتیوانە بۆ موسڵمانان، ئەوان لە پەنای ئەو دەجەنگن و خۆیان بەو دەپارێزن، ئەگەر فەرمانڕەوا فەرمانی بە تەقوا و چاکە کرد و دادپەروەر بوو، ئەم فەرمانڕەواییە چاکە و پاداشتی هەیە لە لایەن خوداوە، یان ئەگەر بە پێچەوانە فەرمانی کرد ئەوا گوناهەکە کە لە ئەستۆی خۆیەتی، بوخاری ئەم فەرموودەیەی هێناوە و هەروەها بەڵگەی تریش زۆرن.

دووەم : دەرکردنی ئەم یاساو ڕێنماییانە ناچنە ژێرباری فەرمانکردن بە پێچەوانەی ئەو فەرمانانەی کە خودا دایبەزاندون، شیکردنەوە کەشی ئەم دەرەنجامەی نابێ کەوا ئەوەی خوای گەورە حەرام و قەدەغەی کردووە حەلاڵ و ڕەوای بکات، یان بە پێچەوانە، بەڵکو دەستە کردن و ڕێکخستنێکی بەڕێوەبردنە کە دارێژراون بۆ بەرژەوەندی گشتی، کە ئەمە یەکێکە لە بەڵگەکانی فەرمانی شەرعی ڕەچاوکراو، هەروەها ئەم یاسایانە کە دارێژراون بۆ پاراستنی گیان و سامانەکان، لە دەست وەردانی ملهوڕان و کەمتەرخەمی نەزانان، بۆیە لە سەر هەموو کەسێ پێویستە پابەند بێت بەم یاسا و ڕێنماییانە ، بەهێچ شێوەیەك پێچەوانەیان دروست نیە بە بەهانەی ئەوەی کەوا لە قورئان و سوننەت نەهاتوون، سەحابەو یارانی ڕێزدار بە تایبەتی هەرچوار خەلیفەکان زۆر لەم جۆرە فەرمانانەیان دارشتووە و کاریان پێکردووە بۆ ڕێکخستنی ژیانی خەڵك و پاراستنی گیان و سامانیان، ئەم یاسا و فەرمانانەش لە قورئان نەهاتوون و لە سەردەمی پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر بێت) نەبوونە و ڕویان نەداوە، بۆ نمونە : ئیمامی عمر ناوی سەربازەکانی نوسین و لە دەفتەری تۆمار بۆ ڕێکخستیان، بۆ زانینی کێ ئامادەیە و کێ ئامادە نیە، هەروەها یاسای دادوەری بۆ ئەبو موسی ئەشعەری نوسی ، هەروەها فەرمانی کرد کەوا خوێنی کوشتنی بەهەڵە لە سەر خزم و کەسی بکوژەکە یە ، سەرباری ئەوەی کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) ئەم کارەی نەکردووە، هەروەها خانوی سەفوانی کوری ئومییەی کڕی و کردیە بەندیخانە لە شاری مەککە، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) هەروەها ئیمامی ئەبو بکر ( ڕەزای خوای لێ بێت) ئەم کارەیان نەکرد بوو، هەروەها یاسای پاسەوانی شەوی دانا ( الشرطة الليلية ) و زۆر کاری تریش لە فەرمانەکانی بەڕێوەبردن کە نە لە قورئان هاتبوون نە پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر بێت) کار وەیا ئەمری پێکردبوون لە ژیانی خۆیدا .

١- ئایەتی ٥٩ سورەتی النساء.

٢- بروانە: (أحكام القرآن لإبن العربي ٤٥١/١).



ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٦٠مەتری - بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العنوان : إقليم كوردستان - اربيل - الشارع الستيني - مقابل البرلمان
www.zanayan.org

سێیەم :. ئەگەر بەوردی سەیری یاسا و ڕێنماییەکانی هاتووچۆ بکەین لە هەرێمی کوردستان ، دەبینین زۆربەیان پشت دەبەستن بە بەڵگە شەرعییەکانی فیقهی ڕەچاوکراو، لە لایەن تێکرایی زانایانی فیقهی ئیسلامی ، کە دەتوانین بەم بەڵگانە پشت ڕاستیان بکەینەوە:

١-المصلحه المرسلە : بەرژەوەندی خوازراو، ئەگەر سەیری مەبەستی دارشتنی یان دانانی ئەم یاساو ڕێنماییانە بکەین ، دەتوانین بە دڵنیاییی و بێ گومان بڕیار بدەین کەوا ئەم یاسایانە بەرژەوەندی کۆمەڵگا دابین دەکات، زۆر بەیان دەچنە ژێر باری بەرژەوەندی خوزراو، کە ئەمەش یەکێکە لە بەڵگە شەرعییەکان لای تێکرای زانایانی فیقهی ئیسلامی، هەروەها مەرجەکانی ئەم بەرژەوەندییەیان تیایە کە زانایانی عیلمی ئوسول گرتویانە ئەویش:

أ - دەبێ پێویست بێت، بەم مانایەی یەکێ لە پێنج زەرورەتەکانی پێ بپارێزرێت ، بێگومان بەم یاساو ڕێنماییانەش گیان و سامانی هاولاتیان دەپارێزرێت ، کە ئەم دووەش لەو پێنج زەرورەت و ناچاریانەن کە ئیسلام لە ناوچون و بەهەدەردان پارستوویەتی، وە یاسای هاتووچۆش هەنگاوێکە بۆ پاراستنی گیان و سامان.

ب- بەرژەوەندیەکە لە خودی خۆی ماقول و گونجاو بێت، بە شێوەیەك ئەگەر نیشانی مرۆڤی ژیر و تێگەیشتی بدرێت یەکسەر وەری دەگرێت .

ج- بەرژەوەندییەکە راستەقینە بێت ، نەك وەهم و خەیال بێت، بە جۆرێ موجتەهید بۆی ڕون بێت کە دانانی ئەم جۆرە یاسایە سوود بەخشەو زەرەر لابەرە.

د- پێویستە بەرژەوەندییە کە گشتی بێت، بۆ ئەوەی سوودی بۆ هەموو موسڵمانان هەبێت.

هـ- نابێ ئەم یاسایانە دژایەتی ڕاستەخۆ بکەن لەگەڵ بنەما شەرعییەکان .

ئەم هەموو مەرجانە بێگومان لە یاسا و ڕێنماییەکانی هاتووچۆ هەن، بۆیە لە بەر ئەمە لە سەر موسڵمانان پێویستە پێوەیان پابەند بێت و پێچەوانەی یاساکان نەکەن .

٢-(العرف) داب و نەریت: لە بەڵگە بنەڕەتیەکانی پابەندبوون بە یاساکانی هاتووچۆ بەڵگەی داب و نەریتە، ئەم ڕێنماییانەی هاتووچۆ کە بە یاسا ڕێکخراون بۆ هاتووچۆی جۆرەها ئۆتۆمبێل بە هەموو قەبارەکانیان ، خەڵکان لێی ڕاهاتوون و کارێکی ئاساییە، ئیش و کارو هاتووچۆیان لە سەر ئەمە ڕێك خستووە لە گواستنەوە و هاتووچۆیان ، ئەمەش لە شەقامەکان بەرونی و ئاشکرا دیارە، زۆربەی خەڵك پێچەوانەی ئەم یاسایانەیان لا کارێکی باش نییە، زانایانی فیقهی ئیسلامی بڕیاریان داوە کەوا ( العادة محكمة )[٣]، واتە: داب و نەریت بڕیاریان بڕیاردەرە، ناوترێ کەوا ئەم یاساو ڕێنماییانە نەریتی نوێن کەوا لەم سەردەمەی ئێستا خەڵك لێی ڕاهاتوون و پابەندبونیان پێوە واجب نیە، لە بەر ئەوەی نەریتی کە نوێ بێتەوە و لەگەڵ بارودۆخ بڕوات ، پابەندبوونی پێوە واجبە ، ئە مەش بەم جۆرە بڕیار دراوە لە لای زانایانی عیلمی ئوسول و بنەما فیقهیەکان، زانا قەرافی ڕەزای خوای لێ بێت: دەربارەی ڕەچاو کردنی داب و نەریت کە

یەکێتیی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
لیژنەی باڵای فتوا
اللجنة العليا للإفتاء
اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان

٣- بروانە: ( الأشباه والنظائر ، ابن نجيم : ١/ ٣).



ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٦٠مەتری - بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العـنوان : إقليم كوردستان - اربيل - الشارع الستيني - مقابل البرلمان
www.zanayan.org

نویێ بینەوە بە گوێرەی باروددۆخ و سەردەم و فەرمان دارشتن دەربارەیان دەفەرمووێ: ( هەر چۆنی و هەر چەندە داب و نەریت نوێ بۆوە ڕەچاوی بکە، هەروەها بە شێوەی دابەزی و لابرا تۆش لای ببە و دایبەزێنە )[٤].

٣-( حفظ المقاصد الضرورية ) پاراستنی ئەم مەبەستانە کە زەرورەت و پێویستن، ئەوەی بڕیاری لە سەر دراوە لای زانایان، هەموو ئەم مەبەستانەی کە دەپارێزرێن لە بەر ناچاری و پێویست هەمویان زەرورەتن و پێویستن، بە پێچەوانەش هەر هۆکارێك ببێتە هۆی لە ناوچون ئەم مەبەستانە حەرام و قەدەغەیە، ئیمامی شافعی ڕەزای خوای لێبێت دەفەرموێ : بەهانە و هۆکارەکان حەلال و حەرام لە مانا و مەبەستی حەلال و حەرام دان[٥]،زانا قەرافی ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت : بنەما بەم جۆرەیە: کە کەرستەکان بەدوای مەبەستەکانن لە فەرمانەکان، کەرەستەی بۆ حەرام بەکار بێت حەرامە و قەدەغەیە، کەرەستەی بۆ واجب و حەلال بەکار بێت واجبە و خوازراوە[٦]، ئەم یاسایانەی هاتووچۆش هیچ گومانی تیا نیە لە دوو مەبەستی باش سەرچاوەی گرتووە کە بریتین لە ( پاراستنی گیانەکانە لە لەناو چون و سامانەکانە لە فەوتان و بزربون ) ، گیان و سامانیش لەم پێنج مەبەستە زەرورەت و خوازراوەکانە کەوا شەریعەتی ئێمە و شەریعەتە ئاسمانیەکان پێش ئێمەش لەسەری کۆکن بە پاراستن و ڕەچاوکردنیان، وەك ئیمامی غەزالی ڕەزای خوای لە سەر بێت لەکیتابی ( المستصفى ) باسی کردووە، بۆیە پابەندبوون بە یاسا کانی هاتووچۆ واجبە و پێچەوانەشیان حەرام و قەدەغەیە.

٤-( القواعد الفقهية الكلية ) واتە بنەما فیقهیە گشتیەکان: ئەوەی کەوا زانایانی فیقهی ئیسلامی دەریان هێناوە لە فەرمانە شەرعییەکان بەگشتی، ئەم بابەتەش یارمەتی دەرە بۆ قازی و فەتوا دەرەکان لە هەموو شوێن و کاتێ فەرمانە نوێیەکانی فیقهی و ڕوداوەکان لەم جۆرە بنەمایانە دەربێنن، یاساکانی هاتووچۆش لەم جۆرە فەرمانە نوێیانەی کە زۆربەی بڕگەکانی دەچنە ناو ئەم بنەما فیقهییانە، لەم جۆرە بنەمایانەش:( لا ضرر ولا ضرار) واتە: نەزەرەر بەخش بە و نەزەرەر مەند، وەیا بنەمای ( الضرر يزال )، واتە: زەرەر لا دەبردرێ و ناهێلدرێ، وە یا ( الضرر الأشد يزال بالضرر الأخف ) واتە:زەرەری کەم وەردەگیرێ بۆ ئەوەی زەرەری زۆر و توند لابرێت، وە یا ( يتحمل الضرر الخاص لدفع الضرر العام ) واتە: زەرەری تایبەت هەڵدەگیری بۆ لابردن و نەهێشتنی زەرەری گشتی ، وە یا ( التصرف على الرعية منوط المصلحة ) واتە دەستکاری حوکمڕانی لەسەر گەل و میللەت بەستراوە بە بەرژەوەندی ، وە یا ( المشروط عرفاً كالمشروط شرعاً ) واتە : ئەوەی بەمەرج دەگیرێ لەنەریت – بەمەرج دژایەتی دەقەکان نەکات – وەك ئەم مەرجەیە لەشەرع دەگیرێ ، وە یا ( الأصل في المنافع الحلّ وفي المضار التحريم ) واتە: بنەما لە سودەکان ڕەوا بوونە و بنەما لەزەرەر و خراپیەکانیش حەرام و نا ڕەواییە ، وە یا ( الحاجة تنزل منزلة الضرورة عامةً كانت أو خاصة ) واتە: پێویستی هەندێ جار دەچێتە خانەی ناچاری و زەرورەت، ئینجا ئەمە گشتی بێت یان تایبەت ، وە یا ( العادة محكمة ) واتە داب و نەریت فەرماندەیان ناوبژیوانە، وە یا ( درء المفاسد أولى من جلب المصالح ) واتە: لادان و لابردن کارە خراپەکان لە

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
لیژنەی باڵای فتوا
اللجنة العليا للافتاء
اتحاد علماء الدين الاسلامي في كوردستان

٤– بروانە:( أنوار البروق في أنواع الفروق ، القرافي ، ١٧٦/١) .

٥ - بروانە: ( الأم، الإمام الشافعي : ٥١/٤).

٦ – بروانە: ( أنوار البروق في أنواع الفروق ، القرافي ، ١١١/٣) .



ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٦٠مەتری - بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العـنوان : إقليم كوردستان - اربيل - الشارع الستيني - مقابل البرلمان
www.zanayan.org

پێشتره له وەدەست هێنانی بەرژەوەندییەکان، وه زۆری تریش لەم بابەتانه له بنەماکانی فیقهی ئیسلامی، که زۆربەی برگەکانی یاسا و ڕێنماییەکانی هاتووچۆ دەچنه ژێرباری ئەم بنەمایانه .

- چوارەم : پابەند نەبوون بەم یاسایانه پابەند بوونه به داب و نەریتی هاتووچۆ و ڕێگاوبان و ڕەچاوی مافی خەڵك که شەریعەتی ئیسلامی سنورداری کردووه ، له پیادەڕۆ و سواری ، فەرمانیشی بەم پابەند بوونه کردییه له زۆر له دەقەکان، له وانه:ئایەتی﴿ وَٱقۡصِدۡ فِي مَشۡيِكَ ﴾[7]، واته: له ڕۆیشتنەکەت له سەر خۆبه، به شێوەیەك برۆ که کاریگەری خراپی له سەر ڕۆیشتنی ئەو خەلکه نەبێت که لەدواوەتەوه دەڕۆن، وەهەروها ئایەتی:﴿ وَعِبَادُ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمۡشُونَ عَلَى ٱلۡأَرۡضِ هَوۡنٗا ﴾[8]، ئەم ئایەته هەموو جۆره ڕۆیشتنەکان دەگرێتەوه له پیادەرۆ و ئۆتۆمبیل و بارهەڵگرەکان ، له بەر ئەوەی زۆربەی خەڵك لەم سەردەمه هاتووچۆیان به سواری ئۆتۆمبێله، ئەمه هیچ بەر ئاقل نییه به مرۆڤ بوترێ له ڕۆیشتن مام ناوەندی به ، بەڵام ئەگەر سواری ئۆتۆمبێل بوی خێرا لێخوڕه، ئیمامی قورتوبی ڕەزای خوای لێبێت زیاتر چۆته ناو ڕاڤەی ئەم ئایەته، ئەو ڕاڤەی ڕۆیشتنی بەگشتی تر داناوه له شێوەی تایبەت بەڕای ئەو ڕۆیشتنی مام ناوەندی هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوه ، ئەو له ڕاڤەی ئایەتەکه له پاش گواستنەوه فەرمودەی سەحابەکان و تابیعینیان دەڵێ: ماناکان هەموویان له یەکتری نزیکن، وەك ( زانین و ناسینی خوای گەورەو ترسی سزای ئەو، شارەزا بوون به فەرمانەکانی خوداو ترسان له سزاکانی ) خوای گەوره لەم جۆره کەسانەمان بگێرێ و ئەژمار بکات، ئەو زانا بەرێزه دەڵێ : ئەگەر تەنها مەبەست له شێوەی ڕۆیشتن بێت ئەمه وانییه و بەتاڵە[9].

خوای گەوره له سەر زوبانی لوقمان بۆمان دەگێرێتەوه که ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات و دەفەرموێ : ﴿ وَلَا تَمۡشِ فِي ٱلۡأَرۡضِ مَرَحًا ﴾[10]، واته: له سەر زەوی به فیزو له خۆبایی بوون مەڕۆ، ووشەی ( مرح ) زۆر کەیف خۆشیه، هەندێکیش دەڵێن: خۆ بەزل زانینه له ڕۆیشتن ، هەندێکیش دەڵێن: سنور بەزاندنی مرۆڤه له قەدەری خۆی، قەتادە دەڵێت: بەفیز ڕۆیشتنه، بەربەستی ئەم ئایەته پیرۆزه زۆر لەم گەنج و بەرپرسانەی خۆمان دەگرێتەوه که ئێمڕۆ دەیانبینین چۆن بەخۆ هەڵکێشان و لەخۆبایی بون له شەقامەکان دەڕۆن و بەخۆیان و ئۆتۆمبێله جوان و سەرنج ڕاکێشەکانیان، بەخێرایی دەڕۆن له شوێنه گشتیەکان، گاڵته دەکەن بەخاوەن ئۆتۆمبیله سادەکان و ساکارەکان . ئەمەیان له بیر کردووه و بێ ئاگان لەم بەخشنده گەورەیەی که خوای گەوره پێیداون، به هۆی نەزانین و بێ ئاگایی ژیانی خۆیان و خەڵکانێ توشی کارەساتی دڵتەزێن دەکەن، وه پێغەمبەری خوا(دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموودەی: ( إيّاكم والجلوس على الطرقات ) واتەك لەسەر ڕێگاکان دامەنیشن، وتیان: هیچ شوێنێ ترمان نیه بیکەینه شوێنی دانیشتن و گفتوگۆی تیا بکەین، فەرمووی:( فإذا أبيتم إلا المجلس فأعطوا الطريق حقه) واته: ئەگەر هیچ شوێن و

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
لیژنەی باڵای فتوا
اللجنة العليا للافتاء
اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان

٧ – ئایەتی ١٩ له سورەتی لوقمان.

٨- ئایەتی ٦٣ له سورەتی الفرقان.

٩ – بروانه : (تفسير القرطبي : ١٢/٦٨) .

١٠- ئایەتی ١٨ له سورەتی لقمان.



ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٦٠مەتری - بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العـنوان : إقليم كوردستان - اربيل - الشارع الستيني - مقابل البرلمان
www.zanayan.org

چارەتان نەبوو تەنها دانیشتن نەبیّ لە سەر ڕێگا و شەقامەکان، مافی ڕێگا بدەن، وتیان: مافی ڕێگا چییە ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی:( غضُ البصر ، وكف الأذى ، وردُّ السلام ، والأمر بالمعروف والنهي عن المنكر ) واتە : چاوپۆشین لە سەیر کردنی حەرام و نارەوا، خەڵك ئەزیەت مەدەن، ئەگەر سڵاوتان لێکرا سڵاو وەرگرنەوە، فەرمان بە چاکە بکەن و بەربەستی خراپەش بکەن[11]، فەرموودەکە ئاماژەیەکی ڕاستەخۆ بە مافی ڕێگا دەکات، کە پێویستە زەرەر بەخش نەبێت، ئەمەش لە مافی دانیشتنە لە سەر ڕێگاکان، بەڵکو ئەم مافە بۆ ئەو کەسەی پیادەڕۆ یە یان بە سوارییە لە پێشترە، ئەوان پێویستە زیاتر ئاگادار بن و ڕەچاوی مافەکان بکەن، لە بەر ئەوەی ئەوان زیاتر توشی ئەزیەت دێن یان دەبنە هۆکاری ئەزیەت بە هۆی تێکەڵی و بەشداری لە بەکار هێنانی ڕێگا، هەروەها لەم بەڵگانەی کە دەقیان لە سەرە سەبارەت قەدەغە بوونی ئەزیەتی موسڵمانان لە ڕێگا و بانەکان فەرموودەی ( من آذى المسلمين في طرقهم وجبت عليه لعنتهم )[12]، واتە: هەر کەسیّ موسڵمانان ئەزیەت بدات لە ڕێگاو بانەکانیان دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە نەفرەتی لیّ بکەن، یان دەبێتە شایانی نەفرەتیان .

**پوختەی فەتوای ئەم بابەتە :**

بە پشت بەستن بە هەموو ئەو بەڵگانەی کە لە بنەما فیقهیەکان وەرگیراون دەربارەی یاسا و ڕێنماییەکانی هاتووچۆ، لیژنەی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان گەیشتە ئەم بڕیارانە:

یەکەم : پابەند بون بە یاساو ڕێنمایەکانی هاتووچۆ واجب و پێویستە ، و حەرام و قەدەغەیە موسڵمان پێچەوانەیان بکات.

دووەم : لێخوڕینی هەموو جۆرە ئۆتۆمۆبێلێك بەبیّ هەبوونی مۆڵەتی لێخوڕین لە لایەنی شەرعەوە قەدەغەیە و ڕێگە پێدراو نیە.

سێیەم : شوفێر بۆی نیە نێشانە سورەکان ببەزێنێت ،هەروها دروست نیە لەو خێرایە زیاتر بروات کە بۆی دیاری کراوە، یان بە پێچەوانەی ڕۆیشتن لە شەقامەکان بروات، وەیا پشتێنی سەلامەتی نەبەستیّ ، هەرچەندە بۆچونی وابیّ زەرەر بەخۆی وەیا بە خەڵکی تر ناگەینیّ.

چوارەم : ئەوەی دەبێتە هۆکاری کوشتنی خەڵك بە هەڵە بە هۆی پێچەوانەی ئەم یاسایانەی هاتوچۆ، لەلایەن شەرعەوە گوناهبارە و کەمتەر خەمە، وخوێنی کوشتنی بەهەڵەی لە سەرە ، ئەمەش لایەنی پەیوەندیدار یەکلای دەکاتەوە .

پێنجەم : ئەگەر خاوەن ماف لە مافی خۆی خۆش نەبێت ئەوا شوفێر بەر تۆڵەیە لەم زەرەی دەیگەینیّ بە گیان و سامانی بەرامبەرەکەی لەکاتی لێخوڕین ورۆیشتنی بە ڕێگادا، ئەگەر پێچەوانەی یاسا وڕێنمایەکان بکات.

شەشەم: زەرەر لێکەوتو بۆی هەیە قەرەبۆ وەربگریّ لە بەرامبەر ئەو زەرەر و زیانەی پیّ ی دەکەویت، ئەگەر پێچەوانەی ئەم یاسا و ڕێنمایانە بوو، بەڵام لێبوردن باشترە، ئەگەر توانای هەبێت.

حەوتەم : پێویستە موسڵمان لە خوا ترس بێت ، خۆی بپارێزیّ لە ئەزیەت دانی موسڵمانان بە هەموو شێوەیەك لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل، وەك: بەکار هێنانی ئاگادارکەرەوە( هۆڕن ) بەبیّ پێویستی، یان بەرز کردنەوەی دەنگی ڕادیۆ،

---

١١– ئیمامی بوخاری و موسلیم ریوایەتی ئەم فەرنایشتیەیان کردووە.

١٢– ئیمامی تەبەرانی لە– المعجم الكبير– ریوایەتی کردووە:١٧٩/٣، الهيثمي لە – مجمع الزوائد– ووتویەتی : إسناده حسن ٢٠٤/١ .

یان بە پێشکەوتنەوە و تێپەڕبون لە لای ڕاستی شەقامەکان، یان وەستانی لە ناکاوی لــە پـێش ئۆتۆمۆبێلــەکان، یـان وەستان بەبێ ئیشپێکردنی نیشانەکانی وەستان( فلاش)، هەروەها خۆی بپارێزێ لە جۆرەها ئەزیەتەکانی تر کە دەبنـە هۆی دڵەڕاوکێ و بێزارکردنی خەڵك .

لە کۆتاییدا لیژنەی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان :

١- لایەنە پەیوەندارەکان ڕادەسپێرێت کە کاری بەردەوام بکەن بۆ چـاکردنەوەی ڕێگـا و بانـەکان و قیرتـاوکردن و فراوان کردنیان، هەروەها دانانی نیشانەی پێویستی هاتووچۆ لەسەر ڕێگا و بانەکان، و هەموو ئەم کارانـەی دەبنـە هۆکاری سەلامەتی هاولاتیان پەیرەو بکەن، لە بەر ئەوەی ئەمە یەکێکە لە سنور دارکردنی ڕوداوە دڵتەزێنەکان .

٢-هەروەها سەرجەم برا شوفێرەکان ڕادەسپێرێ کە خۆیان چاودێری خۆیان بن لە جێبەجیکردنی یاساکانی هاتووچـۆ، جیاوازی نیە کەوا کامێراکان چاودێریان بکەن یان نا، پێویستە ئەوان هەست بەوە بکەن کە خوای گەورە چاودێریان دەکات بە بەردەوامی ، لە بەر ئەوەی یاساکانی هاتووچۆ پشتیان بەستوە بە بەڵگەی بڕیار لەسـەر دراو وەك پێشتر ڕوونمان کردەوە ، و پێویستە هاولاتیان زۆر چاك بزانن کەوا ڕێنمایەکانی ئاین تەنها تایبەت نین بە سنوری مزگەوت ، هەروەها کورت نەکراوەتەوە لە چوار چێوەی باری کەسی، بەڵکو هەموو چالاکیەکانی جۆراو جـۆری ئـادەمیـزاد دەگرتێتەوە، لەوانەش لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێلەکەی و ڕۆیشتنی لە شەقامەکان .

٣- لیژنەی باڵای فەتوا هاولاتیان ڕادەسپێرێ لە خۆ پاراستن لە ڕووداوی روداوە دڵتەزێنەکان ئەویش لێخوڕینی زۆر خێرایە، وە پێویستە بە بەردەوامی ڕاسپاردەکەی پێغەمبەر (دروودی خوای لە سەر بێت) لـــە بـیر نەکـەن و بـیری لـێ بکەنەوە، کە دەفەرموێت ( التاني من الله و العجلة من الشيطان )[١٣]،واتە : لە سەر خۆیی و هێمنی و پەلە نەکردن لە لایەن خوا وەیە ،و پەلەکردنیش لە شەیتانە وەیە .... والله سبحانە وتعالى أعلم

**لیژنەی باڵای فەتوا**

**یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان**

**هەولێر : ٢٧ / ڕەبیعی دووەمی ١٤٣٨ کۆچی**

**٢٥ / کانوونی دووەمی ٢٠١٧ زاینـــی**

١٣ - رواه الترمذي وحسنه.



ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ٦٠مەتری ـ بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العـنوان : إقليم كوردستان ـ اربيل ـ الشارع الستيني ـ مقابل البرلمان
www.zanayan.org